# کچان داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن یاسایەک بۆ فرەژنی دەربکات تا قەیرەی نەمێنێت

ئا: بەهرە سدیق



قەیرەیی واتە مانەوەی کچ دوای ماوەیەکی زۆر لەپاش باڵغبوونی، بەڵام تەمەنی دیاریکراوی نییە ئەمە دەگۆڕدرێ لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکێکی تر . بەپێی بیروڕای لەیەکچوو لەهەموو کۆمەڵگەیەك قەیرەیی لەدوای تەمەنی سی ساڵییەوە دەست پێ دەکات، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەروا بمێننەوە بەڵام لەوانەیە ئەگەری مانەوەی بەم شێوەیە زۆرتربێت .

زۆربەی کچان ئەو وشەیە ڕەت دەکەنەوە لەبەر تێکچوونی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ کچان و هەندێکیش وای دادەنێن ئەو ناوە سەربەخۆییە لەسەربەخۆییەکانی ژیانی کچان کە هەڵی دەبژێرن چونکە لەچاوی هەندێکیانەوە شووکردن بەستنەوەیەکە بۆیان ئەمە بیروڕای سروەی تەمەن ٣٤ ساڵە پێی وایە زۆربەی کچان خۆیان حەز بەشوو ناکەن و بە بەستنەوەی دادەنێن:

**کەسێکی خۆپەرست بووم بۆیە شووم نەکردوە تاکو ئێستا**

ئارەززوو کەریم کچێکی تەمەن ٣٢ ساڵە وتی: قەیرەیی یەکێکە لەو دیاردانەی لەئێستادا بەپێی ئامارو داتاکان هەڕەشە لەکۆمەڵگەی کوردی دەکات هەڵبەت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك هۆکار کەپێوەندیدارە بەکۆمەڵگەوە من وەك خۆم کەتەمەنم ٣٢ ساڵەو دانیشتووی هەولێرم لەقۆناغێکدا کەداواکارم زۆربوو بڕیارمدابوو ئەوکەسەی دێتە داوام دەبێت تەواوی داواکاریەکانم جێبەجێ بکات بەڵام زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە خوازبێنیم کا تێك دەیانزانی من کەسێکی خۆپەرستم بۆیە لەگەڵم ڕێك نەدەکەوتن دواجار ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی بمێنمەوە ئێستاش کەزۆریك لەو شتانەی پێشتر داوام دەکرد وازم لێ هێناوە بەڵام تازە تەمەن تێپەڕیوەو ناگەڕێتەوە بۆیە ئارەزووم وایە کچانی تر هاوشێوەی من بیرنەکەنەوە بۆئەوەی وەك منیان لێنەیەت.

**کۆمەڵێك هۆکار هەن دەبنە ڕێگر لەبەردەم کچان**

ئافتاو کەریمی تەمەن ٣٨ ساڵ وتی: زۆرێك لەو کچەقەیرانەی ئێستا ماونەتەوە، لەبەرچەند هۆکارێك ماونەتەوە، یان لەسەرەتا یەکێکیان خۆشویستووە، هەر چاوەڕێی ئەویان کردووەو

دواجاریــش بۆیان نەبووە، تـــا کاتێك زانیویانە تەمەن زۆری بەسەرچووە.

حاڵەتی دووەم

زۆرێکیان ســەرقاڵی خوێندن تا بەدەســت هێنانی بڕوانامەی بەرز، ئەویش کاتی زۆری دەوێت و تــاوای لێ دێت تەمــەن دەڕوات و دواتریش داواکاری وەك جاران نامێنێ و ڕەنگە زۆرجار خۆشی کەسێکی ڕا ڕای لێ دەربچێت بەحوکمی بیرکردنەوەی ..

حاڵەتی سێیەمیش ئەوەیە، زۆرێك لە کچان لەســەرەتاکانی تەمەنیان، لەنــاو واقیعیەتی ژیانــی مادددیان و ئەوش دەبێتە ڕێگر لەوەی بتوانن بە هەموو کەسێك ڕازی ببن، زۆرێك لەو کورانەی دەجنە پێش لێیــان، ڕەتیان دەکەنەوەو ئەوەی دەشــیانەوێ ڕەنگە لە واقیعی ژیانیان وجودی نەبێت، تا وای لێ دێت تەمەن دەڕوات و دواتر ڕەنگە زۆریش تەنازول بکات بەڵام ئەو کەسە نییە ئەوە بەشێوەی گشتی بەڵام ئەگەر بەتایبەتی بڕوانین، ڕەنگە هەر کچێکو کێشەی تایبەتی خۆشــی هەبێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە پێکهاتەو بیرکردنەوەو گیروگرفتی زۆرتر لەبەردەم کچان دروســت دەکات و بەشــێکیش لەو گرفتانە دواجــار دەبنە کەبت کردنی کچ لەســەرەتاکانی تەمەنی. بەشێوەیەکی گشتی کچانــی قەیرە کێشــەی ڕۆحیــان هەیە، لە فەراغــی ڕۆحی زۆر ناڵەبار دەژین کە دواجار ڕەنگە نەتوانن ئەو فەراغە بەئاسانی پڕبکەنەوە

**ئێمە لەکۆمەڵگەیەکی باوکسالاری دەژین**

شیلان عوسمان تەمەن ٣٩ ساڵە دەڵێت: کچ هەیە کاتێك تەمەنی بەســەرچووە، هەموو ئەو شتانەی لەسەرەتای ژیانیدا گەورەترین خەونی بووە، وەك ماڵ و خانو و ســەیارەو شــەهادەو پێداویستیەکانی ژیان، کاتێك دەگات بە ئەقڵی تەواو، تێدەگات ئەوانە وەسیلەن، بەڵام پێداویست نین بۆ ڕۆحی مرۆڤ، هاوبەشــی ژیانییەتی و ئەوەش هەرگیز وەســیلە نییــە، بۆیەش ئەو کاتانەی کە تێدەگەن هەســت بەپەشــیمانی دەکــەن و لــە فەراغی ڕۆحی و جەســتەیی ناڵەباردا ژیان بەسەر دەبەن، کە زۆرجار ڕەنگە نەتوانێ بە دەربڕینی وشــەش گوزارشــت لەو شــتانە بکات، لەبەر ئــەوەی پێکهاتەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە بەڵام ناشــبێ ئەوە لە بیر بکەین، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارییە، هەمیشــە پیاو زاڵ بووەو هیچ کات بۆ پیاو کێشــە نەبووە بۆ ئەوەی فەراغی خۆی پڕبکاتەوە بەڵام بۆ کچ ئەوە کێشەیەکی گەورەیــەو نەیتوانیوە، هەمیشــە کچ قوربانی قەیرەیین و کوران کێشەی ئەوبیان نەبووە جگە لــەوەش لە کۆمەڵگەی ئێمە کــچ زۆرترن لە کوران و پەرلەمانیش بڕیاری ئەوەی دا کە دوو ژنی نەمێنێت و ئەوەش هۆکارێکە بۆ زۆربوونی قەیرەیــی، جگە لــەوەی زۆرتریــن ئەوانەی سەفەریش دەکەن و نایەنەوە .

**قەیرەیی بۆتە دیاردەیەك لەنێو کۆمەڵگا**

خاتوو شیلان عومەر وتی قەیرەیی ئەمڕۆ بۆتە دیاردە لەبەر ئەوەی یەکێك لەوچارەنووســانەی هەموو تاکێــك پیایدا تێپەڕدەبێت پرۆســەی هاوســەرگیریە، بەڵام ژیانی هاوسەرێتی لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا وەك پشت و پەنایەك وایە بۆ ئافرەتان بەڵام ئــەی ئەگەر زەواجی نەکردبێت ئایندەی چــۆن دەبێت، بۆیــە دەبینین ئەگەر کچێك شــووی نەکردبێت پێی دەڵێن قەیرە بووە و چارەنووســی ژیانی بــەرەو ئاقارێکی دیکە دەڕوات، هەرچەندە قەیربــوون لەکۆمەڵگای ئێمەدا تەنیــا ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە. ناوبراو وتی قەیرەی بەرای من و زۆربەی شــارەزایان دیاردەیەکی ترســناکە لــە ئایندەیەکی نزیکدا هەڕەشە لەکۆمەڵگەدەکات .

**داواکارم لەپەرلەمان یاسایەکی دەربکات هانی فرەژنی بدات بۆئەوەی کەچیتر قەیرەمان نەمێنێت**

بڕیارەکەی پێشــووی پەرلەمان هۆکارێکی ســەرەکی زیادبوونی قەیرەییــە ئەمە باوەڕی خاتوو شەهپاڵ عومەر بوو ناوبراو وای دەبینێ کەڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردســتاندا بوونەتــە قەیــرە لەبەرئــەوەی کەپەرلەمانــی کوردســتان یاســای فرەژنی دەرکــرد چونکەفرەژنی تاکــە ڕێگەچارەبوو بۆکەمککردنــەوەی قەیرەیــی لەهەرێمــی کوردستاندا،لەبەر ئەوەی کەئێستاپیاوان ناتوانن ژنی دووەم بهێنن، ئێمەش بووینەتە قەیرەو کەس نامانهێنێت، من داواکارم لەپەرلەمان یاســایەك دەربکات هانی فرەژنی بدات بۆئەوەی کەچیتر قەیرەمان نەمێنێت

خاتــوو نیــان کەفەرمانبەرەلەوەزارەتــی کاروکاروبــاری کۆمەڵایەتی وتی جوانییەکەم بۆتە هۆی قەیرەبوونــم چونکەمن ئەو کاتەی کەقوتابی کۆلێــژ بووم لەبەرئەوەی کەزۆرجوان بــووم لەهەمــوو کچانی تــری کۆلێژەکەمان جلوبەرگی جوانترم لەبەر دابوو و بەجۆرێك هیچ کەسێك نەدەهات داوای پێوەندی خۆشەویستیم لێبکات کەس نەیدەوێرا بێتە داوام و هەمیشــە هەر بەتەنیا بــووم، ناوبراو وتی من تا قوتابی کۆلێژبــووم زۆرخۆم بەگــەورە دەزانی چونکە لەمنداڵییــەوە ئەوەندە ماڵــی باوکم تووویان تــۆزۆر جوانی وام لێهاتبــوو کەخۆم لەهەموو کەس بەجوانتر بزانــم وبیم بەکچێکی لووتبەرز تا لەئەنجامدا بوومە کچێکی قەیرە.

خاتوو ژیان دەڵێت ئێمە ماڵمان لەگەڕەکێکی میللی شــاری هەولێربوو لەبــەر ئەوەی کەس بەمن ڕازی نەبوو بێجگە لەوەش، نۆ برام هەبوو، هەمیشە دایکم پێی دەوتم کچی خۆم تۆ نابێت شووبکەیت دەبێت چاوەڕێ بکەیت هەتا براکانت گەورەدەبــن مەســرەفیان بکەیت، دەبێت شــوو بەکەســێك بکەیت کە ڕازی بێت تۆ مەسرەفی براکانــت وماڵی باوکت بــکات ئەگەرنا نابێت شــووبکەیت، دەبێت چاوەڕێ بکەیت تا ئەوان گەورەدەبن، من هەموویانم گەورەکرد ، ئێستا بوومەتە قەیرەکچ .

خاتوو سەوســەن وتی: من بەهۆی عاشــق بوونم بەکوڕێکــی دراوســێمان ئاوەهام لێهات کەکوڕێك هەبوو لەگەڕەکەکەماندا، قەناعەتی بەمن کردبوو کەمنی خۆشــدەوێت وحەزدەکات بێتە داوام تالەئەنجامدا منی کردە قەیرەکچ، من ئەوەنــدە دەڵێم کە کچان ئاگاداری خۆیان بن و نەکەونەداوی خۆشەویستی هیچ کوڕێك،چونکە کوڕان هەمیشــە دەســتمان دەبڕن ئێمەی کچ بەلای ئەوانەوە وەك کالایەك وەهاین،بەدەســتی پیاوانەوەین چونکەبەئــارەزووی خۆیان کاتمان پێدەبەنەســەر پاشــانیش کەپیردەبیــن کــەس نامانهێنێت.

**دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە**

توێژەری کۆمەڵایەتــی ڕەمزیە زانا دەڵێت: من وەك توێژەر لەگەڵ ئەم زاراوەیە نیم چونکە وەکو هەســت بریندارکردنــە لەبۆ ئەو کچانەی کە تەمەنیان لەســی ساڵی بەسەرەوەیە لەوانەیە هــۆکاری زۆریــان هەبووە بــۆ مانەوەیان یان شوونەکردنیان وەکو باری ئابووری کە ڕۆژانێك زۆرناخۆش بوو کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر لاوان کرد کە نەیانتوانیوە لەســاڵی نەوەدەکانەوە پرۆسەی هاوسەرگیری پێك بهێنن هەر ئەمەش بــوو زۆرێــك لەگەنجەکان بــەرە و باری کەم دەرامەتی و دارایی ڕۆیشتن و ئەمەش وای کرد هەلی هاوســەرگیری کەم ببێتەوە،هۆکارێکی تــر ئەوەیە کە هەندێك لە کچان لەبەر هۆکاری خێلایەتی کە دەبێت کچەکە تەنیا لەچوارچێوەی خێزانی خۆی هاوســەری ژیانی دیاری بکات زۆر جار ڕێکەوت هەیە بەڵام لەبەر دابونەریتی خێزانی ڕێی پێ نــادەن لەدەرەوەی خزمەکانیی ژیانی هاوســەری پێك بهێنێت و لەناو ئەوانیش کەسی گونجاو نابینێتەوە

هۆکاری تریش کچەکان خۆیان بۆبڕوانامەی بەرز ژیانی هاوســەرییان دوادەخــەن و کاتیان بەســەر دەچێت بەڵام ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات دەبینرێت و لەکۆمەڵگای ڕۆژئاواشدا بەپێچەوانەوەیە ئافرەت سەربەستیەکی تەواوی هەیە بۆ ئەو کەســەی هەڵــی دەبژێرێ بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ شــتێك، بەرای من ئێستا تا ڕادەیەك گۆڕاوە لەکوردستان پێشتر تەمەن زۆر پێوەر بوو ئەیان وت کچەکە بەبچووکی دەکەوێتە ژێر دەســتی ماڵی خەزوورانی بەڵام ئێســتا گۆڕاوە بەتایبەت ئەوانەی فەرمانبەرن و بژێوی خۆیان دابین دەکەن نابێ واسەیری کچ بکرێ لە تەمەنێکی دیاریکراو شوو بکات بەڵکو پێویستە خۆی بەخۆی بە باوەڕەوە پرۆسەکە هەڵبژێرێ و هەندێکجار کچەکە دەبێتە قوربانی دایکی یان باوکی خزمەتیان دەکات و شوو ناکات تاتەمەنی بەسەر دەڕوات و دەکەوێتە ئەو حاڵەتەوە..



پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵك وایکـــردووە کە پێوەندییەکانی نێوان خەڵك و بازاڕ هەمیشـــە لە زیادبووندابێـــت و ئیدی هاوولاتی هەیە کـــە ڕۆژانە دووجار و هەفتانەش چەندین جار بچێتە بازاڕ و مامەڵە لەگەڵ دوکانـــدار و خاوەن کەلوپەلەکاندا بکات تاکو ئەوەی کە بەدڵیەتی و بەپێویســـتی ژیانـــی تایبەتی خۆی دەزانێت لە خاوەنەکەی بیکڕێت و بیباتەوە لەشـــوێنێکی گونجاوی ماڵەکەیدا بیخاتەڕوو تاکو هەناســـەیەکی ئاســـوودە بەخشی مەعنەوی بەلایەنی ڕۆحی ببەخشـــێت، خۆئەگەر ئەو پێداویســـتییە بریتی بوو لە جلوبەرگ و بەدڵی خۆی و دوای گەڕان و ئەزیەتێکی زۆر هەڵیبژاردبوو، ئەوا بێگومان ئەم هەســـتی بە ئاســـوودەبوونە زیاتر و چڕتردەبێت لە هەستی ئەو کەســـەدا، بەڵام کاتێك بەرگدروویەك چەندجارێك لەوادەی خۆی دوادەکەوێـــت و جلوبەرگەکانی بۆ تەواو ناکات یان بەجوانی بۆی نادوورێت، ئەوا ئەوەی جێگەی ئەم ئاســـوودەبوونە دەگرێتەوە بریتییە لە خەفەتخواردن و ناڕەحەتی دەروونی.

# خەڵک تا چ ئەندازەیەک لە کاری بەرگدرووەکان ڕازین؟؟

ئا/ئەمەل محەمەد جەلال

**مەرج نییە بەرگدروو یەکەمجار بتوانێت ئەو شتەت بۆ بدوورێت کە خۆت دەتەوێت**

من ئارەزووم ئەوەیە کە بچمە بازاڕ بەتایبەتیش بۆ کڕینی شتی کەمالیات و جلوبەرگ، جلوبەرگەکانیشم تەنیا دەبەمە لای یەك بەرگدروو بۆئەوەی تەواو لە حەزی من ئاگاداربێت کە دەمەوێت چ جۆرە جلێکم بۆبدوورێت، چونکە مەرج نییە بەرگدروو یەکەمجار بتوانێت ئەو شتەت بۆ بدورێت کە خۆت دەتەوێت ئەمە وتەی خاتوو لەنجە ئەحمەد عەزیزی تەمەن ٣١ساڵە، باوەڕیشی وابوو کە نزیکەی ساڵێك دەبێت تەنیا یەکجار بەرگدرووە تایبەتەکەی خۆی لەکاتی خۆیدا جلەکانی بۆ تەواو نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێبوردنی لێکردووە و ئەمەش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر نەچمەوە بۆلای لەبەرئەوەی ناڕاستگۆیی هەرکەسێك بەیەکجار دەرناکەوێت، بەڵکو دەبێت بەلایەنی کەمەوە سێ جار ئەو حاڵەتە دووبارە ببێتەوە ئەوسا تۆ دەتوانی گومانی ئەوەی لێبکەیت کە ڕاستگۆ نییە لەگەڵتدا.

**بەلامەوە ئاساییە کە بەرگدرووەکە پێمبڵێ دوو ڕۆژ درەنگتر وەرەوە، بەڵام ڕاستگۆبێت**

ئائێستا چەندینجار لەگەڵ بەرگدرووەکان تووشی کێشەبووم و لەوانەیە ٣ تا ٤ بەرگدرووم گۆڕیبێت لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا جلەکانم بۆتەواو ناکەن ئەمە وتەی فێنك کەمال قادری ڕۆژنامەنووسە، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و دەیوت من بەلامەوە ئاساییە کە بەرگدرووەکە پێمبڵێ دوو ڕۆژ درەنگتر وەرەوە، بەڵام ڕاستگۆبێت لەگەڵمدا، لەگەڵ ڕێزمدا هەندێکیان تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە و هەرکەسێك چوو بۆلایان بۆ جلدوورین جلەکانی وەردەگرێت و بەڵێنی ئەو کاتەی پێدەدات کە ئەو دەیەوێت و بەهۆی ئەو جلە زۆرانەش کە لایەتی ناتوانێت لەکاتی خۆیاندا تەواویان بکات و نیگەرانیەکەش تەنیا بۆ ئێمەیە و هیوادارم کەمێك بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە پارە هەموو شتێك نییە و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك لەهەموو شتێك گرنگترە، چونکە ئەوەی کە سەردانیان دەکات هاووڵاتییە نەك پارە، بۆنموونە جلم بەدووریندا وە بۆ ئەم نەورۆزە کە دەبوایە لە ٣/١٤ تەواوی بکردایە، بەڵام ٣/١٧ تەواوی کردووەو جۆرێك لە بێ متمانەیی لای من دروستدەکرد ئەگەر لەمانگی سێدا نەبوایە، چونکە بەهۆی نەورۆزەوە جلی زۆری لابووە.

**جاری وا هەبووە پێش ئەو وادەیەی بەرگدرووەکە پێی وتووم جلەکانی بۆ تەواوکردوم**

کامەران ڕۆستەم حوسێن بە جلە کوردییەکانی کەلەبەریدابوو سەبارەت بە بەرگدرووەکان بۆچوونی خۆی بۆخستینەڕوو و وتی نزیکەی ٦ساڵە تەنیا لای یەك برادەرم جل دەدوورم کە تائێستا بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدانەکردووم کە نیگەرانم بکات، چونکە تەنانەت جاری وا هەبووە کە پێش ئەو وادەیەی کە پێیوتووم جلەکانی بۆ تەواوکردووم، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە بەرگدرووش وەکو هەر کەسێکی تر مرۆڤە و تووشی ئەوەدەبێت کە نەتوانێت لەکاتی خۆیدا جلەکانت بۆتەواو بکات لەبەرئەوەی ئەگەر تەنیا باس لە کارەبا بکەیت، ئەوا ئەو مافە بە بەرگدروو دەدەیت کە لەکاتی خۆیدا نەتوانێت جلەکانت بۆ تەواوبکات، بەڵام بوونی متمانە بۆ بەرگدروو زۆر گرنگە بۆئەوەی بەردەوام کەسەکانی خۆی بچنەوە بۆلای. بۆیە لێرەوە پێیاندەڵێم کە حەقیقەتی دواکەوتن و کاتی تەواوبوونی جلەکان چۆنە بە ڕاستگۆیی بە هاووڵاتیانی بڵێت.

**تاکاتی تەواوبوونی جلەکان دێت چەندینجار تەلەفۆنمان بۆدەکەن بێ ئەوەی بزانن لە چ بارودۆخێکداین**

پێموایە کە هاووڵاتیانی ئێستا زۆر بێئارامن و جاری واهەیە لەسەر بچووکترین شت تووڕەدەبن و گلەیی دەکەن لەچاو خەڵکی پێشتر، ئەمە وتەی بەرگدرووێەکی شاری سلێمانی بوو بەناوی ڕێبین کەریم کە نزیکەی ١٢ ساڵە خەریکی دروونی جلوبەرگە بۆ ژنان و پیاوان، هەروەها باوەڕی وابوو کە کوڕان بە ئارامترن و ئافرەتان دەیانەوێت تەنیا لەکاتی خۆیدا جلەکانیان تەواوبێت و تاکاتی تەواوبوونی جلەکان دێت چەندینجار تەلەفۆنمان بۆدەکەن بەبێ ئەوەی بزانن کە ئێمە لە چ بارودۆخێکدا ئیشەکانمان دەکەین ئەگەر شاگرێکیشمان هەبێت بۆئەوەی زووتر کارەکان ڕایی بن، ئەوا پارەیەکی وەهامان بۆ نامێنێتەوە کە شایانی باس بێت، بۆچوونیشی وابوو کە ڕاستگۆیی بەرگدروو سەرمایەی کارەکانیەتی و تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت بەردەوامبێت لەکارەکەیی و ویژدانی خۆی ئاسودەبکات.

**دەمانەوێت بەرگدرووەکان لەئاستی نرخی زۆری قوماشەکەدا بەجوانی بیدوورێت**

من گلەیی لەوەناکەم کە بەرگدرووەکەم جلەکانم کەمێك بۆ دوابخات، بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە کە بەدڵی خۆم نەیاندوورێت، چونکە جاری واهەبووە من شتێکم وتووە، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی تر بۆی دووریوم و دوایش وتویەتی تۆ خۆت وات وتووە، ئەمە بۆچوونی شاناز غەفور محەمەدی خوێندکاری زانکۆ بوو، هەروەها وتیشی ئێمە وەکو خوێندکارانی زانکۆ هەمیشە حەزمان لەجلی جوان و ناسکە، هەربۆیەش بەنرخێکی گران جلەکان دەکڕین و دەشمانەوێت بەرگدرووەکان لەئاستی نرخی زۆری قووماشەکەدا بەجوانی بیدوورێت و ئەوەش لەیادنەکات کە ئێمە خوێندکاری زانکۆین و لەوانەشە کەمێك جیاوازیمان لەگەڵ کەسێکی تردا هەبێت کە کەمتر دەرفەتی ئەوەی هەبێت زۆربەی کات ئەو جلەی کە دەیدوورێت لەبەریبکات و بەکاری بێنێت.

**بەشێوەیەکی گشتی خەڵك بەگلەیین و تەنیا یەك لایەنی ڕووداوەکان دەخوێننەوە**

هەندێك هۆکار هەن کە وادەکات بەرگدرووەکان نەتوانن لەئاستی پێویستی خەڵکدابن، وەکو ئەوەی توانای ئیشکردنی ئەو کەسە سنوورداره یان هەندێکجار تووشی نەخۆشی جەستەیی یان گرفتێکی ئیشکردنی دووکانەکەی دەبێت، ئەمە بۆچوونی محەمەد فەریدوون کەریم ـی توێژەری کۆمەڵایەتیی بوو، باوەڕیشی وابوو کە بەشێوەیەکی گشتی خەڵك بەگلەیین و تەنیا یەك لایەنی ڕووداوەکان دەخوێننەوە، ئەویش ئەوەیە کە بزانێت جلەکانی لەکاتی خۆیدا تەواوبووە یان نا بەبێ ئەوەی هەندێك موراعاتی ژیانی بەرگدرووەکەش بکات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بەرگدروومان نەبێت کە بەشێوەیەك لە شێوەکان چاوبەستی لەخەڵك نەکات، چونکە لەهەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا لەم جۆرە نموونانە هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە متمانەی خەڵك لەدەستنەدەن و نەبێتە دیاردە.

# عینادی کردن لەنـــــ

عینادی سیفەتێکە لەسیفەتەکانی مرۆڤ، ئاستەکەی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر جیاوازە . زۆرجار عینادی دەبێتە هۆی کێشەدروست بـــوون بەتایبەت لە نێوان ژن و پیاودا . دەبێتە هۆی جیابوونەوە لەنێوانیاندا کێشـــە دروست دەبێت .لەسەر ئەم پرسە گرنگە ڕاوبۆچوونی چەند کەسێکی شارەزامان وەرگرتووە ...

ســـەرەتا ئافرەتێکی ٢٣ساڵ کەفەرمانبەرە لەدامودەزگایەکی حکومی ئاماژە بەوەدەکات، کەهاوســـەرەکەی زۆر عینـــادی لەگـــەڵ دەکات لەژیانی ڕۆژانەیـــدا . دەڵێت زۆرجار کەدەگەڕێتـــەوە ماڵەوە بـــەس بۆئەوەی خەم بدات بەمـــن پێم دەڵێت تـــازە لەگەڵ کچێك بووم بەنیازم بیشیهێنم و واز لەتۆ دەهێنم . یا دەچێتە ژوورێك تەلەفۆن لەگەڵ کچان دەکات و بایەخ بەمن نادات .

**دواتر ئافرەتێکی تر تەمەن ٢٧ساڵ ماوەی چوارساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت:** هاوسەرەکەم کەسێکی تابڵێی عینادە چ شتێك من حەزم لێبێت ئەو نایکات .بایەخم پێنادات یـــان زۆرجار لەپێش خزموکەســـەکانی خۆی بەئەنقەست دەمشکێنێتەوە. یان ئەگەر داوای شتێکی لێبکەم بۆبکرێت پشتگوێی دەخات.

**هاوسەرەکەم لەکاتی سێکسدا عینادیم لەگەڵ دەکات**

**ئافرەتێکـــی تەمـــەن ٢٤ ســـاڵ بۆماوەی دووساڵە ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو دەڵێت:** هاوسەرەکەم کەســـێکی عینادە چی بەخۆی پێیخۆش بێت دەیکات، بەڵام گەر من شـــتێکم پێخۆش بێت ئەنجامی نادات. تەنانەت لەکاتی سێکســـکردنیش عینادی دەکات، ئەوکاتانەی خـــۆی حەز بکات ســـێکس دەکات دەنا هیچ حیســـابێك بۆمن ناکات. بەڕاســـتی لەژیانی خۆم زۆر بێزار بوومە .

پیاوێکی تەمەن ٣٠ســـاڵ مـــاوەی پێنج ســـاڵە ژیانی هاوســـەری پێکهێناوەو پێیوایە، عینادی دیاردەیەکە لەهەموو مرۆڤێکدا هەیە .ئەم عینادییەش لەکەســـێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێـــت. بەتایبەت ئەگەر عینادی هەبێت لەنێوان ژن و مێرد، بەراســـتی زۆر ناخۆشـــە چونکە ئەو ژن و مێردە هەموو کات کێشەیان دەبێت. ناوبراو باسیش لەوەدەکات و دەڵێت: من هاوسەرەکەم کەســـێکی زۆر عینادەو زۆرجار کەمیوانێکمان دێت بەشـــێوەیەك خۆی نیشان دەدات کەمـــن زۆر لەگەڵـــی خراپـــم، بەس بۆئـــەوەی خەم بدات بەمن و بمشـــکێنێتەوە، بەراستی گەر ژیانم بەمشێوەیە بڕوات لەوانەیە جیاببمەوە لێی.

**پیاوێکی تەمەن ٢٩ساڵ ماوەی پێنج ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو دەڵێت** « زۆرجار کەمیوانمان دێـــت بەتایبەت ئەگەر میوانەکە خزمی من بێت، زۆر بەســـاردی پێشـــوازیان لێدەکات کاتێك پێشـــی دەڵێم بۆ بەمشـــێوەیە ڕەفتـــار دەکـــەی، دەڵێت مـــن کەیفم بە خز مە کا نـــی تۆنایـــەت بەڵام گەر خزمەکانی وی بێنەماڵمان زۆ ربا یە خیـــا ن پێـــدەدا ت، بەڕاستی زۆر خەم دەخۆم بەم ڕەفتارانە، بۆیە هەموو کات کێشەمان هەیە .

**هاوسەرەکەم عینادیم لەگەڵ دەکات لەپۆشینی جل و بەرگدا**

پیاوێکی تەمەن ٢٨ســـاڵ،کەفەرمانبەرە. ئاماژەبـــەوەدەکات کەهاوســـەرەکەی عینادی زۆر لەگـــەڵ دەکات بەتایبەتی لەپۆشـــینی جلوبەرگ دەڵێت زۆرجـــار لەڕکی من جلی نەشـــیاو دەپۆشـــێت و بەقســـەم ناکات .گەر من حەز لەجلێك بکەم نایپۆشـــێت .یان کاتێك دەگەڕێمـــەوە ماڵەوە بایـــەخ بەخۆی نادات و زۆر بەدڵێکی ســـارد پێشوازیم لێ دەکات. یان زۆرجار جلی وادەپۆشێت کەمن حەز لەسێکس بکەم کاتێك داواشی لێدەکەم لەگەڵم ئەنجامی نادات .

ئێمە لەکۆمەڵگایەکی پیاوسالاری دەژین

**د.ڕێزان عەلی ئیبراهیم دکتۆری یاریدەدەر لەکۆلێژی مرۆڤایەتی. ســـەبارەت بەعینادی دەڵێت:** عینادی لەمنداڵییەوە هەموو کەسێك هەیەتی واتا سیفە تێکی



# ـــــــیوان ژن و پیاو

منداڵانەیـــە، بەڵام لەکاتـــی پەروەردەکردنی منـــداڵ دەبێـــت بەشـــێوەیەك پەروەردەبکرێت کـــە ئـــەم عینادییە لەگەڵی گەشـــە نەکات چونکـــە کاتێك گەورە دەبێـــت، دەبێتە یەکێك لەســـیفاتەکانی ئەوکەســـە، ئەم عینادییەش لەکەســـێکەوە بۆکەســـێکی تر دەگۆڕدرێت. ئێمـــە لەکۆمەڵگایەکی باوکســـالاری دەژین بۆیە زۆربەی جار پیاوەکە چ قســـەیەك بکات دەبێت ژنەکە بەقسەی بکات، جا کارەکە باش بێت یان خراپ بێت.یـــان زۆرجار ژنەکە بیرو ڕایەکی هەیە لەسەرشـــتێك و پێی باشە ڕای خۆی نەگۆڕێت ئەوکاتە پیاوەکە دەڵێت ژنەکەم عینادەوبەقســـەم ناکات. بۆیە پێویستە لەنێوان ژن و پیاو ئاڵوگۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون هەبێت بۆئـــەوەی عینادی لەنێوانیانـــدا ڕوونەدات. بەڵام زۆر کەس هەیە بەتەفاهوم قســـەناکەن و ئاڵوگۆڕینـــەوەی ڕاوبۆچوونیان نییە بۆیە دەبێتـــە هۆی تـــەڵاق و لەیەکجیادەبنەوە .نە ژنەکەگوێ لەپیاوەکـــە ڕادەگرێت نەپیاوەکە گوێ لەژنەکـــە ڕادەگرێـــت. زۆر گرینگە هونەری گوێڕاگرتن لەنێوان ژن و پیاو هەبێت زۆرجار پیاوەکە قسەیەك دەکات ژنەکە لەدەمی دەداتەوە یاخود بەپێچەوانەوەش ئەوکات دەبێتە عینادی لەنێوانیان .دەبێتەکێشە لەنێوانیان .یا خۆبەزلزانی لەمرۆڤەکان دەبێتەوە بە عینادی بـــەڵام عینادیەکـــی بەئەنقەســـت، ئەوکات ئەوکەسە بۆشـــاییەك لەژیانیداهەیە بۆیە بەم شێوەیە ڕەفتار دەکات .

**پێویستە لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن هەبێت لەنێوان ژن و مێرددا**

**بەهـــزاد محەمەد توێـــژەری کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کاروبـــاری کۆمەڵایەتی لەبارەی عینادیـــەوە دەڵێـــت:** عینـــادی ســـیفەتێکە لەسیفەتەکانی دەروونی مرۆڤ .ئەو عینادەیەش لەئەنجامی چۆکنەدان بەرمبەرکەسێك یاخود خۆبەزلزانی ڕوودەدات، کاتێك کەسێك تەنازول ناکات بۆکەســـی بەرامبەری لێرەدا عینادی دروســـت دەبێت. عینادی لەنێـــوان ژن و پیاو لەوانەیە زۆرجار ڕەفتارێك ببێتە هۆی عینادی لەنێوان ئەو ژن و مێردە هەرئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی دروست بوونی عینادی تەنانەت لەکاتی ئەنجامدانی سێکســـیش زۆرجـــار عینادی دروست دەبێت لەنێوان ژن و مێردا . ناوبـــراو باسیش لەوەدەکات دەڵێـــت: پێویســـتە لێبوردەیی و یەکترقبوڵ کردن بەرامبەر بەیەکتر هەبێت ئەم دووهۆکارە وادەکات عینـــادی لەنێـــوان ژن وپیـــاو کەم بکاتـــەوە چونکە زۆرجار کاتێـــك ژن و مێرد بەشـــەڕدێن هەفتەیەك نێوانیان نابێت و پشت لەیەك دەکەن..

**تائێستا ڕێژەیەکی دیاریکراو لەدادگا نییە بۆ ژن و مێرد کە لەسەر عینادی جیا بوونەوە لەیەکتر**

**پارێزەر ئیبراهیـــم جبرائیل وتی:** کاتێك ژن ومێرد دەکەونـــە دادگا لەبەرامبەر حاکم باس لەهەموو شتێك ناکەن چونکە دادگا بەوردی ناچێتە ناوکێشەکان، لەبەرئەوەی کێشەی زۆری لەژێردەســـتە بۆیە تائێســـتا هیچ ڕێژەیەکی دیارینەکراوە لەســـەر عینـــادی کە ژن ومێرد جیاببنـــەوە بەڵام من وەکـــو پارێزەرێك کاتێك کێشەی تەڵاقم دێتە بەردەست ئەوکات پیاوەکە دەڵێت دەمەوێت جیاببمەوە لەهاسەرەکەم چونکە زۆر عینادیم لەگەڵ دەکات یاخود ژنەکە داوای جیابوونەوە دەکات لەبەرئەوەی پیاوەکە عینادە لەگەڵم خۆی بۆنموونە. ژن و مێردێك میوانیان دێت پیاوەکە دەڵێت ئەم جۆرە جلانەلەبەرمەکە یاخود بەم شێوەیە ڕەفتار مەکە، ئەوکات ژنەکە لەرکی پیاوەکەی بەپێچەوانەی ڕای پیاوەکە رەفتار دەکات .بەس بۆئەوەی شـــتێك دروست بکات لەسەر پیاوەکەی بۆئەوەی بلێت پیاوەکەم لەسەر هەموو شتێك دەیکاتـــە شـــەڕ لەگـــەڵ دەکات .بەپێچەوانەشـــەوە پیاوەکـــە عینادی لەگـــەڵ ژنەکەی دەکات جا لەســـەر هەر شتێك بێت .

